# ئەو گاڵتەجاڕیەی کەناچێتە چوارچێوەی کاری هونەریەوە.



**ئەرسەلان مەحمود**

**بێئەوەی ئێمە بخرێینە پاڵ قسەکەر، بەو پێوەرەی هەموو ئەوانەی راپۆرتێک ئامادە دەکەن یان بەدواداچونێک ئەنجامدەدەن هەمیشە لەدەرەوەی پەیڤی بەشدار بووانی نێو کارەکەن، کەوابێ بابزانین بڵاوبونەوەی( CD ) یە گاڵتەجاڕی و کاریکاتێر ئامێزەکان، ئەوانەی کەبازاڕو شوێنە جیاجیاکانی کڕین وفرۆشتنی هەریەکێک لەشارو شارۆچکەکانی کوردستانیان بەشێوەیەکی بەرچاو داپۆشیوە، تاچەند دەچنە چوارچێوەی کاری هونەری و چەندیش لەخزمەتی هونەرەکانی کۆمیدیاو کاری درامایی و نواندندان و چ کاریگەری و ڕەنگدانەوەیک بەسەر پەروەردەی مناڵا و پرسە کۆمەڵایەتیەکان بەجێدەهێڵن؟..**

**لانە بابەکر قوتابی کۆلێژ، بەهۆی داگیرو دابەشکراوی وڵاتەکەمان چۆن سیاسەت و ڕۆڵی سەرکردایەتی کردن دراوەتە زۆرێک و بۆتە پیشەو کردەوەو کاردانەوەی هەمووان، ئاواش داب و نەریت و شێوە کەپتی کۆمەڵایەتی ژیانی کۆمەڵگای کوردی بەهۆی بەندو باوە زۆرو زەوەندە بۆماوەییەکان، دنیایەک نەخۆشی و ناخۆشی لەگەڵا خۆی باڵا پێکردوون، یەکێک لەترسناکترین ناخۆشی و نەخۆشیەکانیش ئەوەیە ڕۆژانە کۆمەڵە ( cd) یەکی لەو چەشنەو ئەکتەرگەلێکی مۆدێل کوشندە بەناوی کارو کردەوەی هونەری دەردەکەون و بازاڕی هونەر هەرزانفرۆش و بێ بەها دەکەن، هەر کارێکی هونەری بێگومان بەهەموو بەشەکانیەوە ئەگەر لەنێوەرۆکدا هەڵگری میتۆدو دیالۆگێکی بەبنەماو تەندروست نەبوو، نەک هەر ئامانجەکانی خۆی ناپێکێ و ناچێتە خانەی کارێکی هونەرییەوە بگرە هەندێکجار زەمانی ئاخاوتنی تاکەکانیش دەشێوێنێ و کاریگەری نێگەتیڤیان لەسەر بەجێدەهێڵێت، وەک ئەوەی دەبینین ئێستا زۆرێک لەمناڵانمان و تەنانەت گەنجەکانیش جنێوو نوکتەجنێو ئامێزەکانی نێو ئەو جۆرە بەناو کارە هونەریانە بۆتە وێردی سەر زوبانیان، لانە گووتیشی هەموو ئەو بێسەروبەریانە وێڕای تێکدانی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی نێوان تاکەکان پرسیار گەلێگەلێکیش لەمێشک و زەینی مناڵان و مێردمناڵاندا بەجێدەهێڵن، بۆ دەسخستنی وەڵامەکانیش بێگومان توشی ئینعرافاتی کۆمەڵایەتی و زانستی دەبنەوە، چونکە ئەوان ( مناڵا و مێردمناڵان ) هۆشیاری تەواویان لەهەمبەر دروست و ناتەندروستی ئاوها کارێک نییە کەزۆر بەسانایی دەتوانن ببنە بینەری و دواجار کاریگەریەکان بەسەریانەوە کاریخۆیان دەکەن، ڕەنگە ناتەندروستترین شت کە لەو کارانەدا بەدیمکردبێت شێواندنی باری کەسێتی و ناشازی مامەڵەکردن بووبێت لەگەڵا دیاردەو پرسە کۆمەڵایەتیە کۆن و تازەکان، کاری گاڵتەجاڕی و کاریکاتێرو کۆمیدیا وەختێ دەچێتە خانەی کاری هونەرییەوە دەبێت ئامانجدار بێت پارێزەری کەش و هەوای کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی ژینگە بێت نەک هەڵڕشتنی گووتەی بێبنەماو بەتەنها پێکەنیناوی، چونکە ئەوە زانراوە بەخاتری بازرگانیکردنەو بەس، هەروەک چۆن داوای ئەوەشی دەکرد لایەنی پەیوەندیدار لەحکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێوشوێنی پێویست بۆ بڵاوکردنەوەو نەکردنەوەی ئەو جۆرە کارانە بگێرێتەبەر، عبدرەحمان ئیسماعیلی کاسبکار یەکێکی تر لەو کەسانەی سەبارەت بەهەمان تەوەر قسەی بۆ کردین، بەزمانە سادەو ساکارەکەی خۆی عەرەبانەکەی دەستی پەناداو بەهەناسە هەڵکێشانێکەوە گووتی کوریخۆم جا ژیانم ماوە بەدەست ئەو بەرەڵاییەوە، دەتگووت ئازارێکی زۆری چەشتەوە هێندە بەنیگەرانیەوە قسەکانی دەکردو دەیگووت، شەش مناڵم هەیەو گەورەکەیان تەمەنی شازدە ساڵە بەڵام لەهەموانیان**

خراپتر ئالۆدەی ئەو جۆرە فیلمانە بووە، وەختی خوێندنی بردوون، وەک خۆی ووتی جگە لەگووتنەوەی قسە بێسەروبەرەکانی نێو فیلمەکان مناڵەکانی هیچ حیکمەتێکی تر لەوانەوە فێر نەبوون، مام عبدرحمان بەئاواتی ئەوە بوو شەوێک لەشەوان هەواڵەکان لەتەلفزیۆنەوە ببینێت، گووتی لەبەر سیدی و لێدانی ئەو فیلمانە لەلایەن مناڵەکانمەوە زۆر بەدەگمەن ئەو هەلە بۆم هەڵدەکەوێ، باسی ئەوەشی کرد ڕۆژێک لەکۆبوونەوەی باوکان مامۆستاکان پێیان ووتووە هەردی کوڕت پێی ووتوین من فیلمێکی(...)م پێخۆشترو خۆشەویسترە لەخوێندن و لەباوکیشم، سەبارەت بەو ڕێوشوێنانەی کەپێویستدەکات لەلایەن حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار سەبارەت بەو مەسەلەیە کەبگیردرێنە بەر مام عبدرحمانی زەحمەتکێش دەیگووت من نازانم ڕۆژی دەجار پۆلیس پێم دەڵی لێرو لەوێ مەوەستە سیمای شارەکە تێکدەچێت، ئەو فیلمانە ماڵی سەدی وەک منیان شێواندووەو بازاریان داگرتووە کەس پێیان ناڵێ ئێوە تەجاوزتان کردو کەمێک وەکشێن، مامۆستا ئیبراهیم عەزیز کەشانۆکارێکی شاری ڕانیە سەبارەت بەو بەرهەمانە گووتی: بێشک کاتێک کەئەو فیلمانە دەبینیت گومان لەتێکچوون و نەچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی دەکەی، هەستدەکەی ئەنجامدان و بڵاوکردنەوەی ئەوکارانە بەناوی کاری هونەرییەوە هیچ پاساوێکی بابەتیانە لەپشتیانەوە بەدیناکرێت، سەرەڕاش تێبینی دەکرێت سنورێکیان بۆ پەیداکردنی پارەو پول و ئیمتیازات نەهێشتۆتەوەو هەمیشەش بەدوای گەرمکردنی ئەو شێوە بازاڕەوە بن، ئیبراهیم ووتیشی ڕەنگە توێژەرێکی کۆمەڵایەتی یان هونەرمەندێکی خاوەن سەلیقەو خاوەن ئەزموونێکی زۆر باشتر بتوانی تەفسیرو پێناسەی ئەو کارانە بکات وەلێ بەبڕوای من بەشێکی زۆر لەو جۆرە cd بڵاوبوونەتەوە ئەوەندەی درۆینەو ئیستغلالکراوێکی هونەرین، نیو ئەوەندە ناتوانی وەک بەرهەمێکی هونەری سەیریان بکەیت، ئەوانە شتی وەختین و ناتوانن لەماوەیەکی کورت زیاتر لەزاکیرماندا بمێننەوە بەپێچەوانەوە هەموو کارێکی هونەری کارێکی نەمرە، کەوابوو خودی لەدایک بوونیان ئەو ئاسەوارانا کۆناکاتەوە کەدواجار فیلیم و بەرهەمێکی هونەری پێکدەهێنێت، شکۆ قەڵادزەیی دوا کەس سەبارەت بەهەمان تەوەر گووتی: لەبەر ئەوەی بەرهەمهێنانی ئەم فیلمانە ئامانجێکی هونەرییان لەپشتەوە نیەو خوێندنەوەیەکی دروستیان سەبارەت بەپرسە کۆمەڵایەتیەکانی کوردەواری تێدانیە بۆ گەیاندنی پەیامێکی هونەری بەخەڵک بەڵکو هەموو ئامانجەکانیان بازرگانیە بۆ وەدەستهێنانی پول و پارەیە لەو کەسانەی کەلەئەلف و بێی هونەر تێناگەن، لەلایەکی تر وەزارەتی ڕۆشنبیری خەمساردیەکەی لەئاست ئەو جۆرە فیلمانە گەیشتۆتە ئاستێک نەبوونی فیلتەرو سانسۆری پیویست بەئاشکرا بەدیدەکرێ، شکۆ گووتیشی: دەبێ ئەوە بزانین هونەری کۆمیدیا زۆر جار بەئەندازەی شۆڕشێکی گەورە کاریگەری هەیەوچارلیچاپلنی وەک دیارترین هونەرمەندی کۆمیدیایە بەنمونە هێنایەو گووتی: ئەوەندەی ئەو توانی خەڵک بەگشتی دژی سەرمایەداری کۆبکاتەوەو لەڕێگای کارە هونەریەکانیەوە واقعی سەرمایەداری بەخەڵک ئاشنا بکات هیچ سیاسەتمەدارێک ئەوەی پێنەکرا، هەروەک چۆن ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کەخوێندنەوەی سایکۆلۆژیەتی خەڵک و دنەدانی خەڵک بۆ هەموو ئەو لایەنانەی پێویستن بێگومان کاری هونەرە بۆیە دەیگووت: نەک ئەو گاڵتەجاڕیەی کەناچێتە چوارچێوەی هونەرو ڕەنگدانەوەی زۆر خراپی لەسەر پەروەردەو چەواشە بوونی نەوەی تازە بەجێهێشتووە ..

## زنار بۆ لەحەوشەی ماڵی چنار دا خۆی کوشت.

هەر کە ماڵئاوایم لەشۆفێری تاکسیەکە کرد، دەنگی ئەمبوڵانسەکەی نەخۆشخانەی گشتی رانیە، لەو ئێوارە درەنگ وەختەداو لەو کۆڵانەش کە چەند مانگێک بەر لەو ساتە، کچ و کورێکی لەسەر مەسەلەی ناموسپارێزی تیادا کوژران، بێئەوەی بتەوێ سەرنجیان بەرەو ئەوێ کێش دەکردی..

دایکی یەکێک لە هاورێ نزیکەکانم لەوسەری ئەو کۆڵانەوە کە دامەنی لایەکی کراسە کوردیەکەی بەدەستێکیەوە گرتبوو، زوو زووش دەستەکەی تری پێ دەکێشا، هەنگاوەکانمی خۆشڕۆ تر کردن..

ئەو دەیگوت خودایە ئەو کوڕە مێر منالّە بۆ وای بە خۆی کرد! خودا چاکە بۆ سبەبکاری نەکات! ئاخر ئەم کۆلانەی ئێمە جادووی لێکراوە جادوو، مانگ نیە روداوێکی ئابروبەری تیادا روونەدات! پیاوەکەی ئەوبەریشمان بەدەم رێکردنەوە، دیار بوو لەشوێنی رووداوەکەوە بەرەو مالّەکەی خۆی دەگەڕایەوە دەیگوت داد لەگەنجی ئەم زەمانە! بێ قەباعەت هەردوو لای توشی نەنگی کرد ..!

نزیکتر بومەوە لەو کۆمەڵە خەڵکەی کە هێشتا ئەو ناوەیان جێنەهێشتبوو، حمەی پارێزەر_ی دانیشتوی ئەو کۆلانە بۆ ئەوان ئاوا دەدوا ئەم رووداوانە چیێکیان بەسەر مەسەلەی ناموسپارێزی و دەرچوون لە ئادابی گشتییەوە نییە، نەبوونی دایک و باوکی تەندروست لەرووی پەروەردەیی و مەعریفی و خەوتوی سەر پاشخانی کەلتوری بۆماوەیی، هەروەها رێکنەخرانی ژیان بە یاسا لەم ولاتەی ئێمەدا، نەخوێندنەوەو نامۆ بوون بەخودو غیابی بە پیرەوە چوونی عەقلگەرایی، لەهۆکارە سەر دەستەکانن .

لەگەلا ئارەزووی بەشداری ئەو گفتوگۆیە هێشتا زیاتر خوازیاری وردەکاری چۆنیەتی رووداوەکە بووم بەلام تیمەکانی پۆلیس خەڵکەکەیان لەو ناوە دورخستەوە.

خۆی بکوژی خۆی بووە!

لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس و، لیژنەی پزیشکی پەیوەندیدار، دوای سێ رۆژ لە روداوەکە ساغیانکردەوە زنار خۆی بکوژی خۆی بووەو، کەسێکی دی، دەستی لەکوشتنی ئەودا نەبووە، هەر ئەو رۆژەش دادوەری لێکۆڵەر، بانکهێشتی داواکراوەکانی کردبوو بۆ لێکۆڵینەوە لەهۆکاری ئەو رووداوە، کە یەکێک لەوان چنار دڵخوازەکەی زنار بوو.

خانەوادەی چنار بۆ دادوەری لێکۆڵەر گوتبوویان مژۆڵی نانخواردنی ئێوارە بووین، گوێبیستی دەنگێک بووین، بەلام ئەو ئێوارەیە چونکە بایەکی بەهێزی دەهات، گوێمان بەو دەنگە نەدا، وەلێ یەکێک لەمنالّەکانمان کە بۆ میز کردن رۆشتبۆ دەرەوە، بەهەڵەداوان گەرایەوە ژورەوەو گوتی کەسێک لەحەوشەکەماندا کەوتووە، ئەوسا بینیمان، ناسیمانەوە کە زنار_ە، بۆ ئەوەی حەقیقەتی روداوەکە لای پۆلیس نەشێوێ، بە هاناوە چوونی ئەومان بە راست نەزانی.

چنار دو جار بورایەوە

بلاوکرایەوە کە باوکی زنار لای دادوەر تەنها سکالای لە سەر یەکێک لە براکانی چنارو مامی ئەو تۆمار کردووە، گوتبووی چوار جار خوازبێنی چنار_مان کردبوو، بەلام مام و یەکێک لەبراکانی چنار ڕازی نەبوون ئەو بدرێتە کورەکەم، جارێکیش براکەی سەروسیمای کوڕەکەمی بەچەقۆ خوێناوی کردبوو، دوا جار هەڕەشەی کوشتنیان لەو کچە کرد، ئەو بەلگانەش لە مۆبایلی کورەکەم دا هەن، بەلام چنار شتێکی تری گوتبوو، سێ مانگ یەکتریمان خۆشویستووە، دوای ئەوە زنار _ م ئاگادار کردەوە کە شوی پێناکەم، چونکە زنار دروی لەگەلا کردم و گوتی خانوو، سەیارە، ناومالا، ئەم شتانەم هەمووی هەیە، بەلام وا دەرنەچوو، ئەگینا هیچ کەسێک رێگرم نەبووە، کەچی چنار لەماوەی ئەم چەند دەقیقەیەشدا دو جار بەدەم ئەو قسانەوە لەهۆشخۆی چوو، دواجار گوتی من بۆ کوری مامەم دانراوم و تەنها شوو بەو دەکەم.

## دوای دوو سالّ بەزاوا نابێ.

ئەوکاتەی ئەوین دەیانخاتە ناو پێشبڕکێ.

ڕازێک بەر لەوەی بزڕێ، ئەوان بەدرێژایی چوار ساڵ هاوکوفی، تا بەدوا قۆناغی خوێندن دەگات، وێڕای ئەوەی سەرسەختانە، عاشقبوونێکی پەنهان گیرۆدەی یەکتریان دەکات، پێشبڕکێیەکی سەرنجراکێش لەبواری خوێندن دەخاتە نێوانیانەوە.

ئیبراهیم عەزیز کە لەقۆناغی ئامادەیی وانەی پێووتون و دواتریش ڕاگری کۆلێژەکەیان بوو، دەیگوت ئەگەر یەکێکیان لەوانەیەک زیاتر بخشراو بوایە یان لە تاقیکردنەوەیەک نمرەی بەرزتری بەدەستهێنابا، سکاڵاو سەرنجی دەخستە بەردەمی مامۆستاکەی، پێشبڕکێی ژوان و ژیلوان بۆ هەموومان، تەنانەت بیرمە لەکۆبوونەوەی خولی کەسوکاری قوتابیانیشدا ببونە جێی باس و ستایش.

ژوان: ژیلوان بۆمن کوڕە نامۆیەک نەبوو، بەر لەوەی ببێتە هاوسەرم، زیاتر لە 9ساڵبوو ئەوم دەناسی، چوار ساڵیش هاوڕێ و هاوکوفی یەک بووین لەخوێندنیشدا، پێشبڕکێمان بوو، دواجار ساغبۆووە ڕازی ئەوینێکی پەنهان هەردوکیشمانی بەدرێژایی ئەو چوارساڵەی کۆتایی خوێندن گیرۆدەی یەکتری کردبوو.

ئەو کاتەی تەلاق دەبێ بە پیاڵەیەک ژەهری خوراو

ژیلوان: ڕۆژانێکی درێژ بۆ ژوان ژیام، ئەو تاکە گوڵێک بوو بەڵام بۆمن بۆنی هەموو دونیای دەبەخشی، وامدەزانی هاوسەفەری تا ئەوسەرمەو بوون بەبێ ئەو شتێکە نەبووتر لەهیچ، ئاخر دوای ئەم هەموو جوانیە، دوای ئەم هەموو خۆشەویستیە، دوای ئەوەی ئێمە کە کەسێتی یەکترمان بیناکرد، نەخێر دوای دوو ساڵ ژیانی هاوسەری و پێکەوە بوون، بۆ دەبێ گرفتی نەبوونی منداڵ، غیرە گیری بکا بەجۆری خوشک و دایک و هاوڕێکانی بکاتەگژماو هەراسانم بکەن، خۆ من و ئەو هێشتا جوانترین ڕۆژەکانی تەمەنمان بەرێدەکرد، ئێستاشی لەگەڵدابێ ئیدی نەمزانی ئەو کەڵکەڵەی منداڵ بوون و نەبوونە لەچی و لەکوێ و بۆچی سەریهەڵداو دوای چەند مانگێگ ئەو ڕازە شیرینەی نێوانمانی زڕاندو گەیاندیە هۆڵی دادگەو تەڵاقی لێکردم بە پیاڵەک ژەهری خوراو..!

ئەو نهێنیەی دوا وێستگەی ژوان و ژیلوان بوو.

ژوان: دووساڵی ڕەبەق، سوێراوی ئەشکە هەمیشەییەکانی خۆمم بە پەنهانی لە ناکامی بێ ئاکامی نهێنیەک بەخاتری ئەو هەموو جوانی و بەیەکەوە بوونە خواردنەوە، بوونەوەرێک ئەوەی لەدوو لێوی من نەبیست، بەجێی سۆزو دڵنەوایی و چوونە لای پزیشکی پسپۆرو دەوا، باری دەرونی ژیلوان تا دەهات رۆحی منی بۆ متبوون و خۆخواردنەوەیەک دەبرد، سێ مانگی یەکەمی ژیانی هاوسەرێتیمانی لێبەرە دەر، ئەو کوڕە تا سەبەی ساڵحان ئەشکی هەڵدەوەراند، تا کاری گەیاندە ئەو جێگەیەی غیرە لەمن بکاو تەنانەت رێگەی چوونە بازاڕو ماڵە باوان و خزمانم لێبگرێ، ئاخر پەرچەکرداری دەرونی ژیلوان لەوەش هەورازتر چوو، لێدان و بۆڵەبۆڵ بوونە پیشەی..

دوای گریان و بێدەنگبوونێک روخسەتی لەدەستەخوشکەکەی هاوڕێی وەرگرت کە جێمان بێڵی و ژوان گوتی بەڵێ ژیلوان پێی وابوو دەبێ بەو ڕێگەیە قەرەبووی بەزاوا نەبوونی خۆی بکات..!

جیهانی بەرتیلخۆرو بەرتیلدەرەکان!

**هاوڵاتیەک: پێویستمان بەتاکێک هەیە، خاوەنی هۆشیاری و بوێرییەکی چاونەترس بێت، لەمەترسیەکانی گەندەڵا بوونی کۆمەڵگا تێبگات، خراپی ڕەوشەکە بناسێت.**

**گەندەکاران، بەرتیلدەرو بەرتیلخۆرەکان، مەودایەکی فراوان لەبوارەکانی پەکخستنی وەبەرهێنان و بەهەدەردانی خەرجی، لەناو هەیکەلە کارگێڕی و جۆرەکانی شێواندن و تێکدانی شیرازەی بازاڕ لەناو خەڵکدا، دادەپۆشن، بۆیە ناکرێ و ڕاست دەرناچێ جیهانی بەرتیلدەرو بەرتیلخۆرەکان، لەسنورێکی دیاریکراودا قەتیس بکرێت و بەوشێوەیەش بیر لەڕیشەکێش کردنیان بکرێتەوە، چەند کەسیەتیەکی جیاجیا کاتێ لێمان پرسین بەبڕوای تۆ کاتی ئەوە نەهاتووە بەرپرسیارانە هەڵسوکەوت لەتەک ئەو دیاردەو دەرکەوتە نێگەتیڤانەدا بکرێت، یان ئەو ڕێوشوێنانە چین کەپێویستە بگیردرێنەبەر بۆ نەهێشتن یان کەمکردنەوەی کاریگەریەکانی ئەو ڕەوشە پڕخەوشە چیمەن محمد یوسف، ئەگەرچی لەبازاڕدا، مژوڵی شتومەک کڕینی تایبەتی خۆی بوو، پشکی سەرەتای قسەکردنی لەسەر ئەم تەوەرە پێبڕاو گووتی: لەوباوەڕەدام جارێ لەجاران، هەریەکەمان بەجۆرێک لەجۆرەکان دووچاری تێوەگلانی لەوچەشنە دزێوە بووبین، ئەگەر بەخۆشماندا نەچینەوە بەرتیلدەرو بەرتیلخۆرەکان بەداخەوە کەشەکە بۆ ئەوان لەبارەو حاڵەتەکە چاوەڕێکراوە بۆ خۆدووبارەو تەنانەت دەبارەکردنەوەش، چیمەن پێشی وابوو ئەوجۆرە هەڵسوکەوتە ناتەندروستە ژینگەی کارگێڕی و کۆمەڵایەتی و هەستی خۆ بەبەر پرسار زانینی پیس کردووەو لەو بارەوە دەیگووت: ئەم ڕەوشە بەتەنها هەر ئەوەنیە ئێوە ئاماژەتان پێکردووە، نەخۆشیەکە گشتگیرەو خاتری خاترانیشی چۆتەسەر، باسی ئەوەیکرد کە ساڵانە لەبەر ئەم و ئەو، بێ ئەوەی ئاستی دراسی یان پسپۆری و لێهاتووی لەکارو کردەوە کاندا لەبەرچاو بگیردرێت قوتابی دەردەچوێندرێن و خەڵکان دادەمەزرێندرێن، بۆیە دەیگووت: ئیتر چۆن ڕەشوە کاریگەری لەسەر دروستکردنی ڕەشوە خۆر نابێت، ئەو ڕێوشوێنانەی کەپێویستیشن بگیردرێنەبەر بەبڕوای چیمەن، دامەزراندنی دامەزراوەیەکی تایبەت بەو بوارەو دۆزینەوەی میکانیزمێک بوو تا بتواندرێ هاوبەندییەکی چڕو چاوکراوە لەنێوان پێکهاتە کۆمەڵایەتی و کارگێڕیەکاندا بخوڵقێنێت، لەوبارەوە دەیگووت: پێویستمان بەتاکێک هەیە، خاوەنی هۆشیاری و بوێرییەکی چاونەترس بێت، لەمەترسیەکانی گەندەڵا بوونی کۆمەڵگا تێبگات، خراپی ڕەوشەکە بناسێت، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کەدەیەوێت بڵێ: پێویستە هەموومان گەیەنەری ئەو دزەکردن و زانیاریانە بین کەزیان بەسەلامەتی حکومەت و کۆمەڵگا دەگەیەنن، هەروەک چۆن لەسەر حکومەت و لایەنی پەیوەندیداریش پێویستە باری سەلامەتی ئەو هاوڵاتیە هەستکردو بەمەسئولیەتە بپارێزێت و گەندەکاران زیانی پێنەگەیەنن. بەڵام ڕێبین حسێن ئەحمەد کەلەسوچێکی باخچەی ناوەندی شاردا خەریکی ڕۆژنامە خوێندنەوە بوو، باوەڕی وابوو شەفافیەت لەکارو گوتارو هەڵسوکەوت و مامەڵەی ڕۆژانەدا، متمانەو ئیرادەیەکی ڕاستگۆیانە بۆتاک بەدەسەڵات دەگێڕێتەوەو دووری دەخاتەوە لەوەی بەناتەندروست خواست و غەریزەو داوایەکانی جێبەجێبکات، بەگەشبینیەکەوە دەیگووت: هەوڵەکانی بەرتیلدەر یان وەسیلەکانی بەرتیلخۆری، ئەگەر دادوەری نواندن و لێوەشاوەیی و بنبڕکردنی جیاوازیکردن لەدانان و دامەزراندن لەناو دەسەڵات و بوارە کارگێڕیەکان لەبەرچاو بگیرێن و کاریان پێبکرێ، ئەوونەخۆشیە کۆمەڵایەتیانە لەئارادا نامێنن، گوتیشی: هەبوون و بڵاو بوونەوەی ئەو دیاردە ناتەندروستیانە جگەلەوەی پەیوەندیەکی بۆماوەییان بەنزمی ئاستی هۆشیاری تاکەکانەوە هەیە، مەسەلەیەکی ئاکاریشن، واتە زۆر تر لەو چاوگانەوە سەرچاوەیان گرتووە، چارەسەرەکانیشی بۆ ئەوەگەراندەوە کە ڕێزگرتن لەژیانی یەکتر وەک خۆی، ڕێگرتن لەپێشیلکردنی مافی یەکتر، هاوکاری و دادوەری و لێبوردەیی، ڕاستگۆیی نواندن ئەو دیاردەیە لەڕیشەوە دەردەهێنن، لەوبارەوە دەیگووت: فەراهمکردنی ئەوشتانەی لەپێشەوە باسمکردن پێویستییان بەوە هەیە بەیاسا ڕێکبخرێن و لەپەرلەماندا ڕاڤەی ئەم بەهاو ئاستانە بکرێت و بکرێنە یاسایان پێ دەربکرێ. یەکێکی تر لەوانەی قسەیان بۆ کردین، سەردار حاجی محمد قادر بوو، سەردار بەشێوەیەکی جیاوازتر سەرنجەکانی خۆی بۆ باسکردین و گووتی: لەبەر ئەوەی بەرپرسەکان بەخراپی ئیستغلالی دەسەڵاتی سیاسی و ئیدارییان کردووە، لەناچارییەوە دواجار تۆش بۆ ئەوەی کارەکانت تەواو بکەیت پەنا دەبەیتە بەر ئەوەی بەرتیل بدەی و کارەکەت مەیسەر بکەی، خۆ ئەگەر وانەکەی حاڵت شڕەو جوابت نادرێتەوە، ئاماژەی بۆ ئەوەدەکرد کە ئەو چەندین جار تەنانەت نەیتوانیوە کارە یاساییەکانیشی بێ بەرتیل پێدان ڕایی بکات و بەنێگەرانییەکەوە دەیگووت: بەرتیل**

خۆرەکان دەڵاڵی تایبەتی خۆیان هەیەو لەڕێگەی ئەوانەوە کاری هەفتەیەکت بە سەعاتێک بۆ تەواو دەکرێت، پێشی وابوو چارەسەر هەر ئەوەیە مەسئولەکان وەخۆی دەیگووت بەیەک چاو سەیری هاوڵاتیان بکەن و بزانن ئەو دەسەڵات و مانگانەی دەیاندرێتە بۆ ئەوەیە ڕۆژانە خزمەتی خەڵکی پێبکەن، زوو زوو ئەوەشی دووبارە دەکردەوە کەسەردەمی ڕەش و سپی بەسەر چووەو ئێستا کاتی ئەوە هاتووە شاو گەدا لەمامەڵەکردن و لەبەردەم یاسادا، یەک شتن و هەموومان مافی ئەوەمان هەیە کارەکانمان بەشێوەیەکی دوور لەدەستی دەستی پێکردن بۆ جێبەجێبکرێت. بەرپرسێکی حکومی ناوچەکەش کەنەیویست ناوەکەی بڵاو بکەینەوە، لەوەڵامی ئەوەی ئاخۆ هەرگیز بەرتیلی وەرگرتووە لەبەرامبەر ئەوەی کارێکی بۆ کەسیک ڕایی کردووە، بەپێکەنینێکی مانادارەوە پێیڕاگەیاندین: خەڵکەکە خۆی واڕاهاتووە، باوەڕناکەم ئەمن و نەهیچ بەرپرسێکیش ڕۆژێ لەڕۆژان بەکەسێکمان ووتبێ تا ئەوەمان بۆ نەکەیت کارەکەت بۆ ناکەین، بەپێچەوانەوە زۆر جار دوای دەوامی ڕۆژانە کاتێ گەڕاومەتەوەماڵەوە پێیان ووتووم ئەوە هەنگوین و پەنیرو نازانم چی وچی یە کەسێک بەناوی فڵان و فیسار بۆی هێناوی، بۆ ڕۆژی دواتر کەهاتۆتە لام دەرکەوتووە ئیشێکی ئاسایی هەیە، وێڕای ئەوەی هەوڵمداوە پارەئەوشتومەکەی بدەمەوە کە ڕۆژی پێشتر بۆی هێناوم بەسوێندو سوێنکاری قبوڵی نەکردوە، بەباوەڕ بەخۆبوونێکەوە درێژەی بەقسەکانی دەداو دەیگووت: چەندین حاڵەت و ناوم لاهەیە لەسەر ئەو مەسەلانە خەڵکم زویر کردووە. دکتۆرێکیش لەنەخۆشخانەکانی ڕانیە سەبارەت بەهەمان تەوەر دەیگووت: بەداخەوە ئەوحاڵەتە لەکوردەواریدا زۆر بەربڵاوە، هەیانە بەحیکمەتیشی دەزانێ، بەنمونە هاوڵاتیەک تەنها بەخاتری ئەوەی بیکەنە ژورەوە لونەخۆشخانە تەحەمولی ئەوەناکات بەسەرەی خۆی بێتە ژورەوە پارە دەدا بەپاسەوانەکانی بەر دەرگاو لێرو لەوێش بەهونەری دەزانێ و دەڵی وەڵڵا من یەک دەقیقە نەوەستام، هەر ئەو هاوڵاتیە مومکینە دڵی نەبا نیوەی ئەو پارەیەی داویەتی بەبەرتیل لەخودی خۆی سەرفبکات، بۆیە بەئەسەفەوە بەردەوام بوو دەیگووت: نەخۆشیەکە مەترسیدارو درێوە، کۆمەڵگە لەو خاڵەوە گەندەڵا دەبێ، ئاماژەی بەڕۆڵی ڕێکخراوە مەدەنیەکان کردوو ڕایگەیاند ئەوان دەتوانن گاریگەری لەسەر هۆشیارکردنەوەی تاکەکان دابنێن و پێویست دەکات بۆ ئەو مەبەستە هەفتەی ڕۆشنبیری لەگەڕەکەکان بەڕێوەبەرن وخەڵک لە مەترسیەکانی بەرتیل خۆری و بەرتیل دەرەکان ئاگادار بکەنەوە، هەروەک چۆن داواشی لەحکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکرد داتا کۆمەڵایەتی و کارگێڕیەکان لەگەشەکردنی لەوە زیاتری ئەو نەخۆشیە بپارێزێن و ڕونکردنەوە پێشکەش بکەن و چاودێریەکانیان چڕو پڕتر بکەن. دواکەس کەسەرنجەکانیمان سەبارەت بەو باسە وەرگرت ێاڵح عبدوڵای شارەزا لەبواری پرسە کۆمەڵایەتیەکان بوو، ێاڵح ئاوا دەستی بەقسەکانی کرد: هەموو تاکێکی بەرتیلدەرو پێچەوانەکەشی تاک یان دەزگاو کۆمەڵێکی گەندەڵ دەخەنەوە، ێاڵح بەربڵاوی دیاردەکەشی زۆرتر بۆ داب و نەرێتە بۆماوەییەکانی کوردەواری دەگەڕاندەوەو دەیگووت: تاکی کوردی کەسیەتییێکی تێکشکاو بێئرادەی هەیە، هەمیشە لەمەترسی ژیانی سبەی دا دەژی بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ بەڕێگەی پێدان و خواردنی بەرتیلەوە دەستی دەکەویت دەیقۆزێتەوەو لەدەستی نادات، وافیرکراوین بەخاترو خوایش خواست و داواکانمان جێبەجێبکەین، لەو بڕوایەشدا بوو هێشتا حکومەت هیچ جۆرە نەخشەو پلانێکی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی بەهەموو ماناکانیەوە نەبووە لەکوردستاندا، لەوبارەوە دەیگووت: حکومەت جگە لەگووتار هیچ هەنگاوێکی کرداری بۆ ڕووبەڕ ِوو بوونەوە نەبووەو داوادەکەم کۆمەڵە یان ڕێکخراوێکی مەدەنی دروست بکات و ئاڕاستەو هانی بدات بۆ چاودێری کردنی دام دەزگاکان و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریە کارگێڕی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان.

## ڕووداوی کوژرانی بەهار پێنج ساڵە بە داپۆشراوی ماوەتەوە!

نیوەی شەوێک، هێشتا نەخەوتبوون، نۆزدەهەمین شەوە ساتی هەنگوینی پڕ لەبارینی خەندەو نەرمە تریقانەوەی نێوانیان دەبەشیەوە سەر لێوو، هەستی پڕ لەخۆشەویستییان بۆ یەکتر بەیان دەکرد، لەپڕ دەنگێکی ناساز، وەک گرمەی

هەورە ڕەشەکانی زستانێکی سەخت، لەو پایزە هەوارەی لێی دەژیان، چەند جارێ لەسەر یەک، دەرگەی حەوشەکەیان دەهەژێنێ، ئیدی لێرەوە بۆ ئەبەد مانگ ماڵئاوایی لەئاسمانی ( ئارام ) دەکاو، بەهار دەکرێتە قوربانی وشکە عەقڵیەتێکی دۆگماو، هەر ئەو شەوە لاشەکەی بەهار فڕێدەدرێتە پشتەوەی هەورە دوورە دەستە درۆزنەکانی ئەو مەملەکەتەی تێیدا ناهێڵن خۆشەویستی هەناسە بدات..!

ئارام، دەیگوت: کاتژمێر یەک و نیوی نیوە شەو بوو، بەعیشقەوە قسەمان بۆ ئایندە دەکرد، بەهار دڵی زۆر بەهەڵکەوتەی جوگرافی ماڵەکەمان خۆشبوو، دەیگووت باشترین ئەو شوێنەیە بۆ داهاتوو مناڵەکانمانی تێدا دڵخوازانە پەروەردەو گەورە بکەین، پێی وابوو ئەوێ ژینگەیەکی خاوێنی هەیەو دوورە لەژاوەژاوو، کاریگەرییەکانی پەروەردەی خێزانی بۆماوەیی، بەڵام بەداخێکی مەیل کوژەوە هەر ئەو ساتە مێردەزمەیەک هاتوو بە بەرچاوی خۆمەوە دڕندانە سواری سنگی بەهار بوو، ئیتر بەهار بۆ دوایینجار لەکازیوەدا جێیهێشتم..!

وەک ئەوەی ئارام باسیدەکرد، بەهار لەهەڵسوکەوتدا کیژۆڵەیەکی کارامەو لەگفتوگۆدا نەرم و بەجێ قسەی دەکرد، هەر بەو هەستە سەنگینیەوە ئارام بەرەو دەنگی دەرگەی حەوشەکە بەجێدەهێڵێ و، ئارام دەکوێتە شوێنی، بەهار دەڵێ ئەوە کێیە بەم ناوەختە؟.. ببورن، دەتوانم ئێوە بناسم؟.. دەنگێکی گڕ، لەوەڵامدا ئەو دەرگەیە بکەنەوە، ( ئەنوەر )م، کارێکم لای ئارام هەیە...

بەهار لەبەرخۆیەوە دەڵێ یا ئەڵلا!.. خێر، ئارام ئەوە کاک ئەنوەری براگەورەتە تۆب◌ِلێی چی ڕویدابێت؟..!

بەڵێ، بەڵێ، کاکە واهاتم، کاکە ئەنوەر ئەوە تۆی؟.. خودایە!.. خۆ هیچ شتێکی ناخۆش ڕووینەداوە؟..!

دەرگەکە دەکاتەوەو، بێ چاک و خۆشی ئەنوەر بەهەڕەشەو دڵڕەقییەکی توندەوە، دەکەوێتە سەرزەنشت کردنی ئارام و دەڵێ:

توخوا تۆ شەڕەفت هەیە؟!.. چۆن ئەوەت پێ قبوڵ کرا؟!.. ئاخر پێم ناڵێی چی وای لێکردی دان بەخۆتدا بگری، ئەی تۆ کەی غیرەت دەتگرێ؟!..هەی ناپیاو، گەر پێت نەدەگوزرا، تەڵاقت بدابایە، هەر هیچ نەبێ لێرە، لەماڵەکەت دەرت بکردبایە..!

ئەو گووتەو دەربڕینە بێ ڕەحمانەی ئەنوەر بۆ ئارام تازەو جێگەی پەشۆکان دەبن، هەروەک چۆن ( بەهار )یش، جگە لەشڵەژان و شپرزە بوون و، هەڵبژاردنی بێدەنگیەکی قوڵ، وەک ئەوەی چاوەڕوانی شتێکی چاوەڕێنەکراو بکات، تەنانەت وشەیەک چییە لەدەمییەوە نایەتە دەر، ئیدی ئەنوەر ئەوەندەی تر هیستریا دەیگرێ و، بێ سڵمینەوە، بەڵێ هەر ئەوکات لوتی کڵاشینکۆفەکەی ڕاست و چەپ دەکاو لەگەڵ دەسرێژی گوللەدا، دڵە گەرمەکەی بەهار لەنێو ئەم هەموو خۆزگەو گەرمیەدا سارد دەکاتەوە..!

ئارام دەیگووت لەمنیش وەرچەرخا، وەک دەڵێن تێر تێر تفباران و ناپووتی کردم و، بەدیار لاشە بێگانەکەی ( بەهار )ەوە بەجێیهێشتم، نەمزانی ئەو گیانی سپاردووە، ئاخر خوێن بەلەشیەوە نەبوو، پێم وابوو لەهۆشخۆی چووبێ، چونکە کاتی ڕووداوەکە پریشکی چەند گوللەیەکم بەرەو ئاسمان بینی، بەڵام کاتێ لەدیار پاڕانەوەو دڵدانەوەو دڵنیابوون لەوەی شتێکی تر نەماوە ڕوبدات و دەسرێژچییەکان بۆی دەرچوون، سەرمنا بەسنگی بەهارەوە ئیدی چی ببینم!.. پەنجە گەورەی دەستی چەپم کەوتە ناو بۆشایی و کونێکی سەر دڵی و دڵنیابووم بەهار نەماوە، هەرچۆنێک بوو، تەلفونێکم بۆ ( بەهادین ) ی برا تاقانەکەی بەهار کرد، هەر ئەو کات بەدەنگمەوە هات، پێمگووت بکوژەکە ئەنوەری برام بوو، هیچی ترم پێنەگوترا، بەهادین گووتی کەوابوو بەرلەوەی هیچ شتێک بکەین دەبێ مامە ( حوسەین )م کەلەجێگەی باوکمە ئاگادار بکەینەوە، بەئۆتۆمۆبێلەکەی ڕۆیشت بەشوێنیداو دواجار سێ بەسێ، دوور لەچاوی هەموو

کەس، بەجل و بەرگی خۆیەوەو بێ ئەوەی ڕێوڕسمی بەخاکسپاردنی بۆ بگیردرێت، خستمانە نێو گۆڕێکی هەڵکەندراوی یەکێک لەگۆڕستانە نزیکەکانی ماڵی خۆمان، بەڵێ دوور لەو گۆڕستانەی کەکەس و خزمانەی هەردوولامانی تێدا بەخاک سپێردرابوون، بەمجۆرە ڕوداوەکە لەگەلڕ داپۆشینی گۆڕەکە تائێستاش بەداپۆشراوی ماوەتەوە..!

لەمەڕ هۆکاری ڕووداوەکە ئارام ئاوا بۆی باسکردم" ئەو شەوەی کەبەهاری تێدا کوژرا، بەر لەکوشتنەکەی، ئەنوەری برام کەهات گووتی دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ ڕووناکی خێزانم هاتۆتە سەردانی ماڵی ئێوەو ( ڕەوا )ی کوڕە پورزایی بەهار لەژوورەوە لەگەلڕ بەهاردا بەڕووتی بینیوون و بەپێی ئەو قسەیەی براژنەکەم گوایە منیش بەسەر ئەو هاتوو هاوارەی لەو کاتەدا دروست دەبێ هاتوومەتەوەو ڕووداوەکەم داپۆشیبێت و، لەبەرامبەردا قسەی ناشرینم بەبراژنم و خوشکەکانی و، ئەنوەری برام گووتبێت، کەهەرگیز شتی وا ڕووینەدا بوو هیچیشم بەچاوی خۆم لەبەهار نەبینیبوو، ڕەوا هیچی لەگەلڕ ئەو پورزایەیدا نەبوو هەرگیز نەهاتبۆ ماڵی ئێمەش دواتریش بۆ ئەنوەر ساغبۆوە، ئاخر ( بەهار ) پاکتر بوو لەئاوی حەیات ..

ئەو کات ماڵی ( ئارام ) کەوتبۆ نزیک ڕێگەی سەرەکی نێوان ( ....و.... ) لەسەر یەکێک لەو پارچە زەویە دوورە دەستانەی کەلەباوکیەوە وەک بەشە میرات بۆی بەجێما بوو، نیشتەجێ بوون، ماڵێکی تر بەنزیکیانەوە نەبوو، وەک ئارام دەیگووت ئەوە یەکێک هۆکارە سەرەکیەکان بوو بۆ شاردنەوەو داپۆشینی کوژرانی بەهار، ئارام باسی ئەوەیکرد حسێنی مامەگەورەی( بەهار ) دوای شاردنەوەی تەرم و داپۆشینی جەستەو ڕوداوی کوشتنەکەی بەهار، دەڵێ بۆ ئەوەی ناوی هیچ لایەک نەزڕێ، سوێندی دام ڕاستی ڕووداوەکە باس نەکەم، پێیگووتم بڵێ هاوسەرەکەم بەهۆی نزیکی شوێنی نیشتەجێبوونی ماڵە باوکیەوە پەیوەندی بەڕیزەکانی پەکەکەوە هەبووە، داوای لێکردووم ماڵەکەمان وەک بنکەیەکی شاراوەی پەکەکە بەکار بهێنن بۆ چالاکی سیاسی و ڕێکخراوەیی ئەو حزبە، منیش بەوە ڕازی نەبووم، ئیتر لەماڵەوە دەرچووەو بەفەرمی بۆتە چەکداری ئەو حزبە!.. هەروەک چۆن ڕایسپاردم بەزووترین کات ئەو قسانە بگەیەنمە ئەنوەری برام و، گوتیشی شوێنێک دەستنیشانبکات من دێمە لای لەنزیکەوە قسەدەکەین، ئەگەرچی هێشتان پێم وابوو حوسەین دەیەوێت عاقڵانە تۆڵەی بەهار بکاتەوە لەئەنوەری برام و، ئەنوەریش گومان لەو ڕاسپاردەیە بکات و، دواجار ئەوە چاڵێکی تری هەردوولابێت بۆئەوەی ئەمجارەیان منیشی تێخەن، هەرچییەک بوو حوسەین چی پێگووتم بۆ نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، خۆمگەیاندە ماڵی خەزوری ئەنوەر، پێموابوو لەوێبێ، بەڵام براژنە نەگریسەکەم بەسەردان لەوێ بوو گووتی ئەنوەر چۆتە سەفەری دهۆک و، تا چەند ڕۆژێکی تر ناگەڕێتەوە، فەرموو فەرمووی براژنم لەو کاتەدا سەرنجڕاکێش بوو، منیش ویستم بزانم ئاخۆ ئەوان بەکارەکەیان زانیوە یان نا، بەڵام براژنەکەم هێندە دەمبێژ بوو بوارێکی بۆ قسەو پرسیاری من نەهێشتەوەو گووتی ئارام بۆ بەهارت نەهێناوە، زۆر غەریبیمان کردووە، ئەگەرچی لێت ناشارمەوە بڕێک لێی عاجزم، چونکە لەسێ ڕۆژەی کەهاتین بۆ پیرۆزبایی لێکردنتان و هێنانی دیاری، کوڕەکەم مناڵەو نەیزانیبوو دەستی دابۆ جزدانی بەهار، بەهار وا خۆی پیشاندا من دزیبێتم، ئاخر ئەوە کوا لەمن دەوەشێتەوە، لەبەر تۆو کاکت نەبوایە لێی ڕازی نەدەبووم، ئەو قسەیە قسەکانی چەند شەوێک پێشتری ( بەهار ) ی بیرخستمەوە، بەسوێند بۆی گێڕامەوە براژنم پارچە زێڕو پارەکانی لەکاتی دەرهێنان لەجانتا گەورەکەی بوکێنی بەهار بەدەستیەوە بینیبێت و، بەپەشۆکاوییەوە لەوەڵامدا براژنم گوتبێتی هەتیوە سەگە بۆ دەسکاری شتێک دەکەی کەکاری تۆنیە، ئەوە زێڕو شتی ئامۆژنتە، ئەها چەند جوانن، بەهار گووتی پێمگوت ئەگەر پێویستیت پێیان هەیە بیانبە، بەڵام براژنم بەلوتبادان و دڵپڕگریانێکی مەکراوییەوە گوتبێتی دەدەی خوشکێ خۆ ئێستا حەوتەت نەچووە بەدزمان دەردێنی..!

ئارام وڵامێکی ناداتەوەو دەتاسێ، تەنها دەڵێ ئەنوەر تەلفونەکەی داخستووە، ئەگەر تەلفونی بۆ ئێوەکرد بڵێ ئارام هاتبوو گووتویەتی بارەکەم بەئەمانەوە داپۆشیوەو خاوەنبار چاوەڕوانی ئەوەیە لەسەر نرخەکەی ڕێکبکەوین..!

ئارام دەیگووت قەت نیوسەعاتی نەبرد ئەنوەر تەلفونی بۆ کردم و، گووتی بەپیاوانە وەرەپێش ئەگینا تۆش لەو قەحپەیە خراپتر بەسەر دێنم، خۆم تێک نەدا، قسەکانی حوسەینم پێگووتن، زۆرتر تورەبوو بەڵام وەک پیشاندانی

هێز نەیشاردەوەو، پێی گووتم جارێ تۆ وەرە، من وا لەماڵی (....) بەڵام لای کەس باس نەکەی، پۆلیس بەوە بزانێ تۆش دەکوژم ئەوسا یەکجاری دەچمە سجن، چووم، خزمەتکارەکانی خاوەن ماڵ بەپیرمەوە هاتن، ئەنوەرم بینی کڵاشینکۆفەکەی بەتەنیشتیەوە هەڵنا بوو، گووتی کوڕم خەمی بۆ دامەگرە گەر پیاوبی هەموو دنیا ژنە، من مەجبوربووم شەرەفی تۆو کەسوکارمان بکڕمەوە، دووبارە بەتوندی کەوتەوە قسەپێگوتنم ئاخر کوا شتی ئاوا لەئێمە دەوەشێتەوە، چۆن دەبێ لەسەر شەرەف تۆ ئەوەندە بێدەنگبی و سەر نەوی بکەیت، باوکم ئاوای گەورە نەکردوی، ئێمە ئەوەندە خراپ نەپێچراوینەوەو......هتد قسەکانیم پێبڕی و گووتم بەڵام ئێستا لەبەر دەرگای ماڵی خەزورت بووم براژنە ڕووناک دەیگووت بۆ( بەهار )ت لەگەلڕ خۆتدا نەهێناوە غەریبیمانکردووە، ئەو باسی ئەوەی نەکرد دوێنێ هاتبێتە ماڵی ئێمە، کاک ئەنوەر تۆ ئەوە چیبوو لەگەڵ مندا کردت، بەرلەوەی قسەکانم پێببڕێ ڕووداوی ڕۆژی سێ ڕۆژانەکەی نێوان بەهارو براژنم لەدەمی بەهارو براژنمەوە بۆ ئەنوەر گێڕایەوە، دوای گفتوگۆکردنێکی زۆر ئەوەنوەریش وەک من گومانی بۆ دروستبوو، ئەمەو دوای مانگێک بێنەو بەرە لەو ماڵە چۆلڕ و هۆڵەی بەهاری تێدا کوژراو لەشەوێکی ئاوا درەنگ وەختدا براژنەکەم ڕاستی ڕووداوەکەی بەبەرچاوی من و ئەنوەری هاوسەریەوە سەلماندو گووتی بەهار ئەوکاتەی پارەو زێڕەکانی بەدەستمەوە بینی، هەستی شەرمەزاری دایگرتم، سوێندم خوارد کارەساتێکی گەورەی بەسەر بهێنم بەر لەوەی فریا ئەوە بکەوێت من بەتەڵاقدان بدات، چونکە ترسی ئەوەم هەبوو ڕووداوەکە بۆ ئارام بگێڕێتەوەو ئارامیش بەئەنوەر بلێ، بۆیە ئەو تۆمەتەم بۆ دروستکرد دەشمزانی ئەنوەر بێ چەندوچۆن و گەڕانەوە بۆکەس ئەو دەکوژێ، زوو زووش دەیگووت ئەنوەر بۆدەتەوێت لەسەر ئەو ژنە من بکوژی و تەڵاقم بدەی ئاخر ئەگەر بەدەڕەوشت نەبوایە کاک ئارامی بۆناو پەکەکە جێنەدەهێشت ..!

براژنم دایکی سێ منالڕ بوو، ئەنوەر زۆر هەوڵیدا لەهەمان شوێن ئەویش لەسەر ئەو تۆمەتە بکوژێت، ڕێگەم پێنەدا، پێم وابوو کارەساتەکە گەورەتر دەبێت و دواجار دەبێ تا ژیان ماوە لەگەلڕ دوژمنایەتیدا دەستەو یەخەبین، ئیدی ئەنوەر تەڵاقی داو، بەنیەتی ئەوەی ئارامیش بگەڕێتەوە لای من، منیشی ڕەوانەی دەرەوەی وڵاتکردو، ئێستا ئەوە پێنج ساڵە لەوێ دەژیم، تا ئێستاش بەڵێ لەو کاتەوەی بەهاری تێدا کوژرا، ئارامی لەمنیش بڕاوەو بەردەوام چاوەڕێی ئەوە دەکەم ئەو ڕۆژە بێ و بەهار بگەڕێتەوە لەچیا..!

- ناوە بەکار براوەکان خوازراون.

## کێ لەشفرۆشەو، کێ هەیە لەشفرۆش نەبێت..!

بەتێگەیشتن و خوێندنەوەی بەشێکی زۆر لەتوێژەرو لێکۆڵیاری بوارە کۆمەڵایەتیەکان، ئەوەی کەپێی دەگوترێ لەشفرۆشی، لەکورتیدا، بەرئەنجام و دەرئەنجامی هەژاری و زاڵی سیستەم و، وجودی دەستورێکی پیاو سالارین، بەمانایەکی دی، لەهەر شوێنێکی دنیا، دەستورێکی دیموکرتیک، شێوە دادوەرییەکی کۆمەڵایەتی پەرەگرتوو، بەرنامەو ڕێنامەی پەروەردەیەکی هاوچەرخ و، ئاراستەکرانێکی لەوچەشنە غیاب یا لاوازو بوونیان نەبوو، بازاڕی دیاردەو دەرکەوتە بۆماوەییە کورت مەودا بینە تاریکەکان لەبۆتەی زاڵی عەقڵیەتێکی داخراوو پێ نەگرتوودا، دەپێورێن و هەر بەو چەشنە ئامێری عەقلیەتانەش زاخاو دەدرێن، کەدواجار لەشفرۆشی وەک یەکێک لەمەترسیدار ترین ئەو دیاردەو دەرکەوتە مێژوودارو بۆماوەییانەی نێو ئەم جۆرە عەقڵیەتانە لەجێی پێشپێگرتن و، ڕیشەکێشکردن، بەرەو هەڵکشان و بەرەو بەر بڵاوبوون تر دەچێت، ڕامانێکی کورتخایەن لەجیهانی سێ، بێ ئەوەی گەر بتەوێ سەلمێنەری ئەو حەقیقەتە ڕوون و ڕەوان پیشان دەدات، هەر بۆیە ڕووبەڕووبونەوەو پێشپێگرتنیشی بەبەراورد لەگەل دنیای دەرەوەی خۆی، بەگران و ئەستەم تر ئەژمار دەکرێت و، ئەوەمان لا گەڵاڵە دەکات کەجگە لەوەی بەشێکی زۆر لەمرۆڤە تووشبووەکان و،

تێوەگلاوانی لەشفرۆشی، ئەو مەنجەنیقەی هەردەم زۆرینەی قوربانیەکانی ناوی ئافرەتانن، گەرانەوەشیان بۆ باوەشی کۆمەڵگا هەروەک چۆن لەپێشەوە باسمانکرد لەبەردەمدا ئەستەم و، پڕ ئازارو خستنەوەی ناتەندروستی کۆمەڵایەتی و، قوربانی گەلێکی فرە تر دەبێت ..

ئەگەرچی لەبەکاربردن و خستنە ڕووی دەستەواژە یا بابڵێین وشەی ( لەشفرۆش ) پێم وایە دەبێت خوێندنەوەو تێگەیشتنێکی بابەتیانەترمان هەبێت، بۆ زاراوەیەکی دروست و سەر ڕاست تر بگەڕێین، چونکە لەشفرۆشی لەژێر کاریگەری حکومڕانییەتی یا هەر یاساو هەر ڕێسایەکی نووسراو یان نەنوسراودا بەرهەر چەشنێک لەچەشنەکانی شیربایی خۆری و وەرگرتنی سەرمایەو شتگەلێکی تری لەو جۆرە بابەتییەن ناچێتە دەرەوەی خانەکانی لەشفرۆشی، ئەو یان لەشفرۆشیەکەی کۆمەڵگا خستویەتە ژێر بارو ئەوەیتریان فرۆشتنێکی تری جەستەو گیانێگە ئەوەی سودمەندو دڵخواز نەبووە لەفرۆشتنی لەشی فرۆشراوەکەیە، تارا کاکلی تەمەن سی و چوار ساڵی دانیشتووی ( ... ) یەکێک لەو ئافرەتانەی لەبەرامبەر خۆشبەختی براکەیی و وەرگرتنی پول و پارەیەک لەلایەن باوکیەوە، بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی خۆی، دەدرێتە کوڕێکی جیاواز لەدڵخوازو دوور لەبیرو ڕاو، تەریک لەتوانای دروستکردنی تێگەیشتنی هاوبەش بۆ ژیانی پێکەوەیی و هاوسەرگیری، دوای بەرگەگرتنێکی دووساڵی، بەتەنها لەسەر پیسکەیی و، بڕوابکەن لەبەرکردنی ( مایۆ ) لەژێرەوەو، پۆشینی پۆشاکی ئافرەتانەی ئەم سەردەمە، لەکوڕە یاخی دەبێت و، وەک خۆی بۆی باسکردم خوێن دەمارەکانی جەستەی گرژ دەکات و، بێز لەژیانی خۆی دەکاتەوەو پێی وایە چیتر ناتوانێ بەرهەمی وجودی ئەو، هاوسەرە نەفامەکەیی و، باوک و، براکەیی، بیخۆن و، دەیگووت هاتمە سەر ئەو باوەڕەی ئیتر خۆم بکرمەوە، ئەوەش سێ ڕێگا خەیاڵی هەڵدەگرێ، یا کورە (هاوسەرەکەی) یان خۆی، لەناو بەرێت، یان لەڕێگای کلسوم قادر، ئەوەی کەتارا دەیگووت ژنە بەتەمەنەکەی دراوسێی گەڕەکەکەیەوە بڕواتە نێوکایەو مایە بێ ڕەحم و نادیارەکەی بازاڕی لەشفرۆشان و، ئێستا شەشەمین ساڵیەتی لەبری لەسەدا بیست و پێنجی ئەو بڕە پارانەی پێیان دەدرێت، وەک خۆی دەیگووت لەگەل زیاتر لەسەدان پیاو، بێگومان زۆرتریش ئەو پیاوانەی لەدیوی دەرەوە بەپارێزەری داب و نەرێتە بۆماوەیی و کۆنەکان ناسراون خەوتووەو دەیگووت خۆ ئەگەر خواست و دڵخوازیشت پێشێل کراو بێت و، خۆشەویستییەک لەگەل هاوسەرەکەت کۆی نەکردبیتەوە، ناکرێ تاسەر وەک کرێکارێکی بێکرێ لەکون و کەلەبەرەکانی نێوماڵدا مامەڵەت لەگەڵدا بکرێ و بەوە ڕازیبیت، حەلیمە عوسمان مەولودی تەمەن بیست و نۆسال کە هەر لەڕێگای تاراوە توانیم ڕەزامەندی گفتوگۆیەکی داخراوی ڕۆژنامەوانی لێوەربگرم و، ئەویش وەک باوەو دەگوترێ یەکێک لەو ئافرەتە لەشفرۆشانەی چوارەمین ساڵی بەسەر دەبرد، دەیگووت "شومکرد، بەڵام بێ ئەوەی ڕەزامەندی خۆم وەربگیرێت، سەرەڕاش تامەزرۆی ئەوەبووم هاوسەرێکم هەبێ و، ببم بەدایکی مناڵانێک، دواجار داخراوی هاوسەرەکەم و داب و نەرێت، دڵکێشییەکی لەناخەوە پەنگخواردووی ئازادی، ئەو ئازادیەی کەتا زۆریت لێنەکەرێ نازانی چەند شیرینە، لێنەگەڕان ژیانێکی تاسەر پێکەوە بژین و، هەژاریش لەسەرەتاوە میوانێکی نەخوازرای چارەگران و، بەردەوام ئامادەگی خۆی هەبوو، ڕێگری کوڕەش لەدرێژەدان بەکاری جوانکاری( یالۆن ) ئافرەتان و، دوای جیابوونەوەش وجودی چاودێرییەکی بێ ژوماری ئەم و ئەوی دوورو نزیک، تا ئاستی بێ هیوا بوون لەخۆ نوێکردنەوەو دروستکردنەوەی ژیانێکی هاوسەری تەندروست، ڕێکەوتێکی بۆمن سەرسوڕهێنەر، داوێنپاکی لێکردەمە قوربانی ئازدییەکی پیس کەپێی دەڵێن لەشفرۆشی" ئەو ڕێکەوتە دوای مەرگی خوشکێکی لەسەر داوای یەکێک لەبراکانی خۆی، ڕاو ڕایەڵی سێکسی لەگەلڕ هاوسەری بەجێماو لەخوشکەکەی، بۆی دروست و ڕێکدەخرێت، وەک خۆی دەیگووت " دوای چەند مانگێگ دەرکەوت براکەم بەخاتری پارەو پێدانی سەیارەو دەعوەت و، دەعوەتکاری لەلایەن ئەو کوڕەوە خۆیشی و، منیشی خەڵەفاندووە" بێگومان چیرۆکگەلێکی ڕاستەقینەی لەو جۆرە زۆرن و، کۆی ئەو کارو کاردانەوانەی ژینگەی ناتەندروست، لەبەر ئەوەش تائێستا ئێمەی کورد بەتایبەتی خاوەن دایک و باوکێکی تەندروست نین، واتا مەعریفەو شێوە ئەدای پێ پێگرتن و، پەروەردەو فێرکردن بەپێوەرێکی بابەتیانەو پێویست بوونی نیەو دایکان ئەوەندەی کچەکانیان لەسەرەتاوە فێرە دڵکێشکردنی پیاوە هاوسەرەکانی داهاتووی کچەکانیان دەکەن، بۆ ملکەچی و تێرکردنی غەریزەو ئارەزووە پڕ لەکەف و کۆڵە توندوتیژەکان، واتا بەکۆیلەیان دەکەن، هێندە بیر لەبەهێزکردنی کەسایەتی کچەکانیان ناکەنەوەو تەنانەت

**هەموو بێقسەیکردنێکی پیاویش لای ئافرەت بەشەرم و، نەنگی کۆمەڵایەتی و خێزانی و نەهی لێکراو بۆ ئەو منداڵانەیان قسە لێدەکەن، دەیانجار گوێبیستی ئەوە بووم کەلەدەمی ئافرەتەوە گووتراوە پیاو کەڵەبابەو لەسەر ژن حسابە، کەوابوو لەکۆمەڵگایەکدا هەر لەجیاوازیەکانی پەروەردەو فێر کردنی نێرو مێ، سێکس و خۆشەویستی، دەسەڵات بەدەست و، بەشدارو بەشدار نەبووی کایە کۆمەڵایەتی و ئاکاری و سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەکان، ئەوەندەی ئەرزو ئاسمان مەودا لێک دوورو تەژی لەنەگەڕانەوە بۆ مرۆڤبوون، بۆ بەدواداچوون و، چاکسازیە یاسایی و دەستوریەکان، بۆمانەوەی نەمر نەژی و، درێژەدان بەو ململانێ نابەرابەرە سەرسەخت و دژوارە، وەک ئەوەی کلسوم قادر، ئەو ئافرەتەی تارا بۆی باسکردم دەیانی تری لەژێر دەستدایە بۆ کارو بەکاربردنی لەشفرۆشی لەپەیوەندیە تەلفونیەکەدا ڕازی نەبوو گفتوگۆیەکی لەو بابەتەی لەگەڵدا بکەم و، کاتێک گووتم دەمەوێ سەبارەت بەهۆکارو دەرئەنجامەکانی لەشفرۆشی لەپێناو بەشینەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و پێشپێگرتنی ئەو دیاردەیە لەگەڵدا بدوێم، تەنها گووتی زۆرینەی خەڵکی ئەم وڵاتە لەپەراوێزدا دەژین و، کۆمەڵگاو هەژاری و.....هتد زوڵم لەهەمومان دەکەن، ئیتر باسی لەشفرۆشی چی لەگەلڕ کلۆڵێکی وەک مندا دەکەی، کێ لەشفرۆشەو کێ هەیە تەنها بەخاتری دەستخستنی ژیانێکی سەرەتایی و، تەنانەت دوور لەهەموو بەختەوەرییەک ئەمڕۆ لەشفرۆش نەبێت...!**

- **سەرنج : ناوە بەکارهاتووەکان خوازراون...**